# ئەگەر خەڵکی بەهەشت بچنە بەهەشتەوە، خوای گەورە -تبارك وتعالى- دەفەرموێت: «ئایا حەز دەکەن شتی زیاترتان پێببەخشم؟

لە سوهەیبەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «ئەگەر خەڵکی بەهەشت بچنە بەهەشتەوە، خوای گەورە -تبارك وتعالى- دەفەرموێت: «ئایا حەز دەکەن شتی زیاترتان پێببەخشم؟» دەڵێن: ئایا ڕووماڵت سپی وگەش نەکرد؟ ئایا ئێمەت نەکردە بەهەشتەوە وڕزگارت نەکردین لە دۆزەخ؟ خوای گەورە پەردە لادەدات، هیچ شتێک لەوانەی پێیان بەخشراوە وەکو بینینی پەروەردگار -عز وجل- لە لایان خۆشەویست نابێت».

[سەحیح - ڕاست)] [(مسلم) ڕیوایەتی کردووە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پێمان ڕادەگەیەنێت کە ئەگەر خەڵکی بەهەشت بچنە بەهەشتەوە، ئەوا خوای گەورە -تبارك وتعالى- پێیان دەفەرموێت: ئایا دەتانەوێت شتی زیاترتان پێببەخشم؟ خەڵکی بەهەشت دەڵێت: ئایا ڕووماڵت سپی وگەش نەکرد؟ ئایا ئێمەت نەکردە بەهەشتەوە وڕزگارت نەکردین لە دۆزەخ؟ خوای گەورە پەردە لادەبات وبەرزی دەکاتەوە؛ پەردەکەی لە نور وڕۆشناییە، بۆیە هیچ شتێک لەوانەی پێیان بەخشراوە وەکو بینینی پەروەردگار -عز وجل- لە لایان خۆشەویست نابێت.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/8344